ژوری توێژینەوەکان
بزوتنەوەی گۆڕان

# ڕێکەوتنی (ئەنقەرە - واشنتۆن) ناوچەی ئارام لە باکوری سوریا




ئا. ئاریان ڕەوف

ژوری توێژینەوەکان

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

# پێڕست

پێشەکی................................................................................................................................ 2
تورکیا و دروستکردنی ناوچەی ئارام ........................................................................................................ 3
پێشهاتە نوێیەکان لە بارەی دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سوریا ......................................................................... 7
بنەماکانی ڕێکەوتنەکەی ئەنکەرە و واشنتۆن ................................................................................................. 8
هۆکارەکانی ڕازیبوونی تورکیا بەڕێکەوتنەکە ................................................................................................ 10
کاریگەری ئەم ڕێکەوتنە لەسەر ناوخۆی تورکیا.............................................................................................. 11
کاریگەریەکانی ڕێکەوتنەکە  لەسەر کوردستانی ڕۆژئاوا .................................................................................... 11
دەرئە نجام ............................................................................................................................ 12
سەرچاوەکان ........................................................................................................................... 14

## پێشەکی

پێشهاتە نوێیەکانی دۆخی نێوخۆی سوریا و پێشرەویەکانی PYD لە کوردستانی رۆژئاوا، هاوکات لەگەڵ ئەو پشێویانەی لەناوخۆی تورکیا رودەدەن، تورکیای ناچار کردوە تا ئامادەیی نیشانبدات بۆ هەندێك هەنگاوی پێشوەخت، لە دیارترینیشیان رەزامەندنی نیشاندان بۆ هێزەکانی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بۆ بەکارهێنانی بنکەی سەربازی (ئەنچەرلیك) بۆ لێدانی داعش لە نێوخۆی سوریا، لەبەرامبەردا خوازیارە هێزەکانی هاوپەیمانان لەسەرو هەموشیانەوە ئەمریکا رەزامەندی پیشانبدەن، بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لە پانتایی جوگرافیای خاکی سوریادا.

داوای دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سوریا لەلایەن تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2011 دوای تێکچونی دۆخی ئەمنی نێوخۆی سوریا، ئامانجی راگەیەندراوی تورکیا لە دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سوریا پاراستنی ئاوارەکانی سوریا و دروستنەکردنی بارگرانی بوو لەسەر ئابوری تورکیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند ئامانجێکی سیاسی و ئەمنی رانەگەیەندراوی هەبوو لە دروستکردنی، سەرەرای هەوڵەکانی تورکیا بەڵام نەیتوانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش قایل بکات بە دروستکردنی.

لەرێگەی ئەم پەیپەرەوە هەوڵ ئەدەین تیشك بخەینە سەر ناوچەی ئارام لەسوریا و ئامانجی سەرەکی تورکیا لە دروستکردنی و روانگەی تورکیا و کۆمەڵگای نێودەولەتی بۆ ناوچەی ئارام، هەروەها تیشك دەخەینە سەر رێکەوتنەکەی نێوان ئەنکەرە و واشنتۆن و کاریگەریەکانی لەسەر ئایندەی رۆژئاوای کوردستان

## توركیا و دروستكردنی ناوچەی ئارام

لەساڵی 2011ەوە توركیا لە هەوڵی دروستكردنی ناوچەیەكی ئارامە لە خاكی سوریادا، بەڵام بەهۆی نارەزایی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەو هەوڵە بەئەنجام نەگەیشت. پێشرەویەكانی داعش لە عێراق و سوریا لە ساڵی 2014 كە بوە مایەی تێكدانی ئارامی و ئاسایشی نێودەوڵەتی وڵاتانی جیهانی ناچار كرد بۆ رێگری لەو پێشرەویانە هاوپەیمانیەتیەكی نێودەوڵەتی دروست بكەن، بەڵام توركیا بەهەمان هەوڵی پێشوی یەكێك لە مەرجەكانی بەشداریكردنی لەو هاوپەیمانیە دروستكردنی ناوچەی ئارام و كۆتایهێنان بو بە دەسەڵاتداری (بەشار ئەسەد)، هەروەها رێگری كردن لە دروست بونی هەرێمی كوردی لە باشووری وڵاتەكەی، بەڵام بەهۆی قەبوڵنەكردنی مەرجەكانی، وڵاتەكەی كرد بە رێرەوی سەرەكی بۆ پەرینەوەی چەكداری نوێ و گەیاندنی یارمەتی بۆ نێوخاكی سوریا و پەیوەندیكردنیان بە گروپە توندرەوەكانی نێو سوریا.

**بۆ ڕونكردنەوەی زیاتری ناوچەی ئارام و ناوچەی دابراو، هەروەها روانگەی توركیا و كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ناوچەی ئارام بە پێویستی دەزانین لە خوارەوە تیشك بخەینەسەر:**

### یەكەم: جیاوازی نێوان ناوچەی ئارام و ناوچەی دابراو

بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، جیاوازی هەیە لە نێوان ناوچەی ئارام (Safe Zone) ناوچەی دابراو ( Buffer Zone). بەڵام بۆ هەردوكیان پێویستی بە بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتوەكان و قەدەغەكردنی فرین، هەروەها بونی هێزی زەمینی و دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتوەكان هەیە، بەدەر لە وڵاتانی خاوەن ڤیتۆ، كە مافیان پارێزراوە. بۆ زیاتر رونكردنەوە لەخوارەوە بەكورتی لەسەر هەردوو جۆرە ناوچەكە ئەدوێین :

#### 1. ناوچەی دابراو (Buffer Zone)

بریتیە لە پانتاییەكی جوگرافی دابراو لە نێوان وڵاتانی شەڕكەر بە رێكەوتنی دوو لایەنی ناكۆك یان دوو دەوڵەتی ناكۆك لەكاتی ئاگربەست، بەو مانایەی دوو وڵات رێكدەكەون كە سوپا بە شێوەیەكی هاوتا لەو ناوچەیە دەكشێنرێتەوە، ناوچەیەكی داماڵراو لە نێوان هەردولا دروست دەكرێت كە هیچ چەكێكی تێدا نیە و ئەنجومەنی ئاسایش بریاری لەبارەوە دەرئەكات، كە ناوچەیەكی داماڵراوە. بەمەبەستی دورخستنتەوەی هێزی سەربازی دوو لایەنی ناكۆك یان دوو دەوڵەتی ناكۆك لەیەكتری بەدوری چەند كیلۆمەترێك لە پێناو پاراستنی ئاسایشی سنور و رێگری كردن لە دزەكرن و هەڵهاتن لە هەردولا .

**بۆ دروستكردنی ناوچەی داماڵراو پێویستە چەند رێكارێك بگرێتە بەر:**

أ. قەدەغەکردنی فرین لەسەر ئەو ناوچەیە.

ب. دەبێت ناوچەی دابراو لەلایەن هێزێکی سەربازیەوە(هێزە ئاشتی پارێزەکان) بپارێزرێت.

ج. دەبێت ناوچەیەکی دابراو ژمارەی دانیشتوانی کەم بێت.

د. دەبێت ناوچەی داماڵراو لەژێر چاودێریەکی ئەمنی توندوتۆڵی بەردەوام دابێت.

ه. بۆ دروستکردنی ناوچەی دابراو پێویستی بەبریاری ئەنجومەنی ئاسایش و رێکەوتنی هەردوو لایەنی ناکۆك یان دوو دەوڵەتی ناکۆك هەیە.

## 2. ناوچەی ئارام (Safe Zone)

ناوچەی پزیشکی (Hospital Zones)، ناوچەی بێ لایەن (Neutralized Zones)، ناوچەی داماڵراو لەچەك. هەربۆیە بە پانتایەکی جوگرافی ئارام ناودەبرێت مەبەست لە دروستکردنی ئامانجێکی مرۆییە لە پێناو پاراستنی گروپێك لە دانیشتوان یان ئاوارەکان کە ناتوانن پارێزگاری لەخۆیان بکەن لەکاتی جەنگدا، بۆ دروستکردنی ئەم ناوچە ئارامە پێویستی بە بریاری ئەنجومەنی ئاسایش هەیە دوای ئەوەی لەسەر راسپاردەی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەنجومەنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان پێشنیار دەکرێت، دەوڵەتێك یان زیاتر رادەسپێردرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم بریارە لەو ناوچەیە بەهێزی سەربازی و بەیارمەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رێکخراوە مرۆییەکان لەپێناو دابینکردنی پێداویستیەکانیان لەو ناوچەیە. جیاوازی ناوچەی دابراو لە ناوچەی ئارام ئەوەیەکە یەکەمیان رەهەندێکی سەربازی هەیە، بەڵام ئەوی تریان رەهەندێکی مرۆیی هەیە دەکەوێتە ژێر رێساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی.

**بەپێی عورفی نێودەوڵەتی ناوچەی ئارام پێویستی بەچەند رێکارێك هەیە لەوانە:**

أ. سەرەرایی ئەوەی بەبریاری ئەنجومەنی ئاسایش دەسەپێنرێت، هەندێك پێویستی جار بە رێککەوتنی دوو لایەنی ناکۆك هەیە.

ب. ناوچەکە لە رواڵەتی سەربازی دائەماڵرێت و دەخرێتە ژێر رکێفی ئیدارەیەکی مەدەنی.

ج. پێویستە دژەفرین بۆ ئەو ناوچەیە فەراهەم بکرێت و چاودێرییەکی توندوتۆلی ئاسمانی هەبێت لەلایەن ئەو دەوڵەتەی کە ئەرکی پاراستنی ناوچە ئارامەکەی پێ سپێردراوە.

د. پێویستە رێرەوێکی کراوە یان فرۆکەخانە یان بەندەرێك دابینبکرێت بۆ گەیاندنی هاوکاریەکان بە دانیشتوانی ناوچە ئارامەکە.

هـ. پێویستی به هێزێکی سەربازی ئەوتۆ هەیە کە بتوانێت پارێزگاری لە هەر هێرشێك بکات کە بکرێتە سەر ناوچەکە، پێویستە ئەو هێزەش سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان یان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بێت.

و. نەتەوە یەکگرتوەکان ئەرکی دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی هاوڵاتیانی ئەو ناوچەیە ئەگرێتە ئەستۆ وەك شوێن و جێگە و دەرمان و خۆراك و ئاو.

**دووەم: روانگەی جیاواز بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سوریا**

لە سەرەتای دروستبونی نائارامی لە نێوخۆی سوریا بیرۆکەی دروستکردنی ناوچەی ئارام لە باکوری سوریا لە لایەن وڵاتانی خاوەن بریار لە دۆخی سوریا و هەروەها نەتەوە یەکگرتوەکان و بەتایبەت تورکیا سەری هەڵدا، بەڵام بەهۆی بونی روانینی جیاواز لەبارەی ناوچەی ئارام لە نێوان تورکیا و وڵاتانی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش ئەو پرسە بەکراوەیی هێڵرایەوە تاکو ئێستا نەگەیشتونەتە دارشتنێکی هاوبەش، چونکە تورکیا بەردەوام پێداگری لە دروستکردنی ناوچەی ئارام دەکات، بەڵام بە روانگەیەك بەوشێوازە بێت کە لە بەرژەوەندی ئەمنی و ستراتیژی تورکیا بکەوێتەوە.

**روانگەی تورکیا و ئەندامانی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەتبە دروستکردنی ناوچەی ئارام.**

### 1. روانگەی تورکیا بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سوریا

مەبەستی تورکیا لە دروستکردنی ناوچەی ئارام بەدەستهێنانی قازانجی سیاسی و ئەمنیە کە خۆی لە چەند ئامانجێك دەبینێتەوە، ئەمانەی خوارەوە بەشێکی گرنگیانن:

أ. پاراستنی شارە سنورییەکانی تورکیایە لە هەر پشێوی و هێرش بۆ کردنێك لە قوڵایی هەموو ئەو شوێنانەی هاوسنورە لەگەڵ سوریادا کە زۆرینەیان ئەو ناوچانەن لە ژێر رکێفی PYD دابون.

ب. رێگری کردن لە پێشرەویەکانی PYD و لاوازکردنی لە پێناو دروست نەبونی هەرێمێکی کوردی لە سوریا.

ج. بەهێزکردنی ئەو گروپە ئۆپۆزسیونە چەکدارانەی کە تورکیا کاریگەری لەسەریان بۆ لاوازکردنی رۆڵ وتوانای سەربازی PYD.

د. لە هەر جوڵەیەکی PYD کە بە ویستی تورکیا نەبێت، تورکیا بتوانێت هێز بجوڵێنێت بۆ نێو خاکی سوریا.

هـ. دروستکردنی ناوچەیەك کە دوربێت لە شەر و لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای ئازاد و ئەو هێزانە بێت کە تورکیا کاریگەری لەسەریان هەیە.

و. رێگری کردن لە دزەکردنی پەنابەرانی سوریا بۆ نێوخۆی تورکیا و دروستکردنی کامپ بۆیان لە نێوخاکی سوریا.

## 2. روانگەی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ناوچەی ئارام

وەزارەتی دەروەی ئەمریکا لەسەرەتاوە تا ئەم دواییانە دروستکردنی ناوچەی ئارام و ناوچەی دابراو بە پێویست نەزانیوە لە سوریا. لەوبارەیەوە تەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە گۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە واشنتۆن لە رێکەوتی 2015/7/1 ئەوەی دوپاتکردوەتەوە کە: "پنتاگۆن و سوپای ئەمریکاو هێزی هاوپەیمانان دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سوریا لەئێستادا بە پێویست نازانێت".

هەروەها گوتی: "رێگری زۆر گەورە هەیە لە سەپاندنی ناوچەیەکی لەوشێوەیە، سەرەرای ئەوەش هاوپەیمانی نێودەولەتی لە ئێستادا پاڵپشتی لە ناوچەی ئارام ناکات".

فەرەنساو بەریتانیا هەردوکیان لە رابردودا لەرێگەی لێدوانی وەزیرانی دەرەوەیان پاڵپشتیان بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ پاراستنی ئاوارەی نێوخۆیی لە خاکی سوریا کردوە لەو بارەیەوە وەزیرانی دەروەی هەردوو ولآت (ولیەم هیگ) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و وەزیری دەروەی فەرەنسا (لۆران فابیۆس) لە گۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هاوبەش لەبارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لە سێپتەمبەری2013دا وتیان دروستکردنی ناوچەی ئارام بەدور نازانین بەلآم بەهۆی ئەوەی پێویستی بەهێزی سەربازی هەیە بۆیە دەبێت بەدواچونی وردی بۆ بکەین.

روسیا سەرەرای ئەوەی بە رونی و راستەوخۆی دژایەتی بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سوریا دەرنەبریوە، بەلآم ئەوەی دوپات کردوەتەوە دەبێت ئەنجومەنی ئاسایش بە سەپاندنی ناوچەی ئارام هەڵبستێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە روسیا لەرێگەی بەکارهێنانی ڤیتۆوە رێگری لەدروستکردنی ناوچەیەکی ئارام دەکات لە سوریا، چونکە تاکو ئێستا بە هەماهەنگی ولآتی چین دوو جار مافی ڤیتۆیان دژ بە سزادانی سەربازی رژێمی سوریا بەکارهێناوە .

## پێشهاتە نوێیەکان لە بارەی دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سوریا

ئەو پێشرەوییانەی کە هێزەکانی PYD لە مانگی 2015/6 لە چەند ناوچەیەکی شاری حەڵەب بەدەستیان هێنا، وای لە وەزیری دەرەوەی تورکیا کرد لە ڕێکەوتی 2015/6/26 پەیوەندی بە هاوتاکەی بکات لە واشنتۆن بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی نیگەرانی وڵاتەکەی لە پێشرەوییەکانی PYD لە کاتێکدا توانای هیچ ڕێگریەك یان پاساویشی بۆ نیگەرانیەکانی پێشرەوی PYD بۆ گۆرانی دیمۆگرافیای چەند ناوچەیەکی تورکمان و عەرەب نشین گەراندەوە.

ئەوەشی بە هاوتاکەی وت لەبەرامبەر بەدەنگەوە نەهاتن گرنگی نەدان بە نیگەرانیەکانی تورکیا بۆ ئەو پێشهاتانە تورکیا ناچارە تاك لایەنانە ڕێوشوێنی خۆی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دۆخەکە بگرێتە بەر.

بۆ ئەو مەبەستە لە رۆژانی 7–8 تەموز وەفدێکی ئەمریکی بەسەرۆکایەتی ژەنەراڵ (جۆن ئالین) کە نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا (باراك ئۆباما)یە، لە هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژ بە داعش، سەردانی تورکیایان کرد و لەگەڵ راوێژکاری وەزارەتی دەروەی تورکیا و ژمارەیەك گەورە ئەفسەری سوپا گفتوگۆیان لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد.

لە دیدارەکەدا تورکیا داوای پێکهێنانی ناوچەی ئارامی کردوە. هەروەها ڕێگری بکرێت لە پێشرەویەکانیPYD و هەنگاوەکانی گۆرینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانەی لەژێر رکێفیدان. هەروەها ئەوەیان بە وەفدە ئەمریکیەکە راگەیاندوە کە ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان "جرابلس" و "عەفرین" هێڵی سورە بەلایانەوە و پارێزگاری لێدەکەن لە پەلاماری داعش و PYD، لەبەرامبەردا وەفدە ئەمریکیەکە داوای بەکارهێنانی بنکەی سەربازی ئەنچەرلیك بۆ کردە سەربازیەکانی دژ بە داعشی کردوە.

دوا بەدوای هێرشە تیرۆریستیەکەی شاری "پرسوس" کە کۆمەڵێك خوێندکاری کردە ئامانج، کۆشکی سپی لە راگەیەندراوێکدا ئەوەی خستەروو کە ڕێکەوتی 7/22 سەرۆکی هەردو وڵات لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە باسیان لە قوڵکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوانیان کردووە لە بەرەنگار بونەوەی داعش، لەدوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیە رۆژنامەکانی نێوخۆی تورکیا باسیان لە ڕێکەوتنێك کرد لە نێوان هەردوو وڵات کە لەلایەن ئەو وەفدە ئەمریکی و تورکیەوە بنەماکانی دارێژاوە کە لە 7–7/8 لە تورکیا گفتوگۆیان لەسەر کردبوو.

لە بارەی هەمان بابەت (بۆڵند ئارینج – جێگری سەرۆك وەزیرانی تورکیا) لە 2015/6/24 ئەوەی راگەیاند هاوپەیمانێتی لە نێوان تورکیا و ئەمریکا دژ بە داعش پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، هەروەها ئەوەی راگەیاند کە گەیشتونەتە لێك گەیشتن لەبارەی ڕێکاری سەربازی هاوبەش کە لە ئێستا بەدواوە جێبەجێ دەکرێت.




## بنەماکانی ڕێکەوتنەکەی ئەنکەرە و واشنگتۆن

**ڕۆژنامەکانی تورکیا چەند خاڵێکیان لەڕێکەوتنەکەی نێوان هەردولا بڵاوکردەوە کە بنەما گشتیەکانی بریتین لە:**

لەسەربنەمای ڕێکەوتنی نێوانیان، تورکیا ناوچەیەکی ئارام دروست دەکات کە دەکەوێتە نێوان "جرابلس" و "مارع" بە درێژای 90 کیلومەتر و و قوڵایی 50 کیلۆمەتر لە نێو خاکی سوریا، لەهەرکاتێکدا داعش یان PYD بیانەوێت دەست بەسەر ئەو ناوچەیەدا بگرن تورکیا دەستێوەردان لەڕێگەی هێزەوە لە ئەو ناوچەیەدا ئەکات، لەبەرامبەر ئەوەدا ئەمریکا بنکەی سەربازی ئەنچەرلیك بەکاردەهێنێت بۆ کردە سەربازییەکانی.

هەروەها ڕۆژنامەی (حورییەت)ی تورکی چەند خاڵێکی بڵاوکردوتەوە، کە بە ڕێکەوتنی نێوان ئەمریکا و تورکیا ناوبردوە خاڵەکان بریتین لە:

- ڕێگری کردن لە دەست بەسەراگرتنی ئەو ناوچە ئارامە لەلایەن داعش و بەرەی نوسرە.
- فرۆکەکانی هاوپەیمانان و تورکیا ڕێگری لە فرینی فرۆکە جەنگیەکانی سوریا دەکەن لە ناوچەی ئارام.
- ڕێگە بە فرۆکەی ئەمریکی و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دەدرێت کە ئاسمانی تورکیاو بنکەی سەربازی ئەنچەرلیك لەکاتیی پێویستدا بەکار بهێنن بۆ هێرشەکانیان.
- تۆپهاوێژەکانی تورکیا دەبنە پاڵپشتی بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام.

- بەکارهێنانی بنکەی ئەنچەرلیك لەلایەن هاوپەیمانان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی تورکیا، هەروەها دوای دروستکردنی ناوچەی ئارام بە رووی فرۆکەکانی سوریادا دادەخرێت.
- ڕێکەوتنەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل (PYD) ناکاتە ئامانج، بەڵام هەرکات هەڵوێستێکیان دژ بە تورکیا یان بەکردەوەیەك هەڵبستن کە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە و ئاسایشی تورکیا (وەك گۆرینی دیمۆگرافیا بەهێزی چەك) ئەوا تورکیا مافی دەستێوەردانی لەو ناوچەیە هەیە بەمەبەستی چارەسەرکردن و ڕونەدانی.
- ناردنی هێزی وشکانی بۆ بنکەی ئەنجەرلیك ڕێگە پێنەدراوە، بەڵام دەستەیەکی سەربازی تەکنیکی کە ژمارەیان نزیکەی 40-50 ڕێگە پێدراوە بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییە تەکنیکیەکانی فرۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی.
- ڕێگە بە فرۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەدرێت کە بنکەسەربازیەکانی باتمان و دیاربەکر و مراتیە بەکار بهێنن لە دۆخی ناکاودا.

خاڵەکانی ڕێکەوتنەکەی تورکیا و ئەمریکا دەرخەری ئەوەن کە ئەو ناوچە ئارامەی باسی لێوەکراوە هیچ دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی نیە و هەروەها هیچکام لە بنەماکانی ناوچەی ئارام لەخۆناگرێت بە پێی یاسایی نێودەوڵەتی، بەڵکو دەتوانین بڵێین تەنها ناوچەیەکی ئارامی سنوردار تا ڕادەیەك گریمانەیە، بەوهۆیەی هێزی پاراستنی زەمینی خودی هێزە ئۆپۆزسیونەکانی سوریا، کەلایەنێکی شەرکەرن هەروەها ناوچەکەش لە چەك داناماڵرێت. هەروەها ئەو ئامانجە سیاسی و ئەمنیانەی تورکیا کە لە ڕابردودا لە دروستکردنی ناوچەی ئارام هەیبوە ناهێنێتە دی، بەڵام تاکە ئامانجێك کە تورکیا لەم ڕێکەوتنەدا بەدەستی هێناوە ئەویش ڕێگری کردنە لە پێشرەوەیەکانی PYD لەو ناوچە ئارامەی دروست دەکرێت، ئەو خاڵەشیان خاڵێکی لاوازە لەو ڕوانگەیەوە. لەبەرئەوەی متمانەی نێودەوڵەتی نیە بۆ ئەو ڕێککەوتنە، تورکیا توشی بەرپەرچدانەوەی هاوپەیمانانی دەسەڵاتی (بەشار ئەسەد) ئەبێتەوە هەرکاتێك بیەوێت هێز بنرێتە ئەو ناوچەیە بۆ ڕووبەروبونەوەی PYD و داعش. ئەمەش ئەوە دەردەخات بنەماکانی ڕێکەوتنەکە لاواز و فشەڵن و ئامانجە گرنگەکانی تورکیا بەدەست ناهێنێت.

## هۆکارەکانی رازیبونی تورکیا بەرێکەوتنەکە

سەرەرای ئەوەی توکیا لەساڵی 2011 هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەر بۆ ئەوەی ناوچەی ئارام بە درێژایی سنوری لەگەڵ سوریادا دروست بکرێت، بەمەبەستی بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی سیاسی و ئەمنی، بەلأم نەیتوانی سەرکەوتوبێت لەو هەوڵەیدا، بەردەوام بونیشی لە سیاسەتی خۆدورگرتن لەشەری داعش نەك ئەو ئامانجانەی لە سوریا بەدەست نەهێنا بەڵکو توشی شکستی کرد، تەنانەت ئەم هەڵسوکەوتەی کاریگەری هەبوو لەسەر هەڵبژاردنی نێوخۆی تورکیا AKP ی توشی شکتهێنان کرد لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی تورکیا، سەرەرای ئەوەی نەیتوانی حکومەت پێکبهێنێت تاکو ئێستا نەشی توانیوە حکومەتی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزەکانی تردا دروست بکات، سەرەرای ئەوانە حکومەتی تورکیا لەبەر چەند هۆیەکی تر ناچار بوو قایلبێت بە جۆرە رێککەوتنێکی لەم شێوەیە کە لاوازی رۆڵی تورکیای بە ئاشکرا پێوە دیارە گرنگترین ئەو خالأنەش:

1. خاڵی سەرەکی روانگەی تورکیا بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سوریا رێگری کردن بوو لەدروستبونی هەرێمکی کوردیی لە رۆژئاوا، ئەویش بە لاوازکردنی PYD، بەلأم بە پێچەوانەی ویستی تورکیا ئەو ناوچە ئارامە دروست نەبوو، هەروەها PYD سەرەرای ئەوەی لە پێشرەویدا بەردەوام بوو متمانەی نێودەوڵەتیشی بەدەستهێناو بوبە هێزی سەرەکی لە شەری دژ بە داعش لە سوریا، پشکداربوو لە کۆمەکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، ئەمەش شکستێکی گەورە بو بۆ تورکیا، بۆ ئەوەی رێگری لە پێشرەوەی زیاتری PYD بگرێت ناچاربوو بە رێکەوتنێکی لەم شێوەیە.
2. بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام بەو فراوانییەی تورکیا دەیەوێت پێویستی بە بریاری ئەنجومەنی ئاسایشە هەربۆیە تورکیا لەوەگەیشتوە دروستکردنی ناوچەیەکی وەها مەحاڵە.
3. دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی لەوشێوەیە لە کاتێکدا دەبێت کە دانشتوانی ئەو ناوچەیە توانای بەرگری و پاراستنی خۆیان نەبێت، بەلأم هێزەکانی PYD ئەوەیان بۆ کۆمەلگای نێودەوڵەتی سەلماند، کە ئەوان دەتوان پارێزگاری لە خاك و هاولأتیانی خۆیان بکەن.
4. لەرووی تەکنیکیەوە ناوچەیەکی ئارامی فراوان پێویستی بە تێچونی زۆر هەیە، هەربۆیە بەرێوەبردن و چاودێریکردن و پاراستنی ئەستەمە.
5. ناوچەیەکی فراوانی وەها پێویستی بە هێزێکی سەربازی گەورە هەیە کە لە هەرەشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بیپارێزێت.
6. لەدوای دروستبونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بەهۆی پیادەکردنی سیاسەتێکی پێچەوانەی ئەو هاوپەیمانیە تورکیا توشی پەراوێزخستن بوە لەلایەن ولأتانی بەشدار لەو هاوپەیمانیە، بۆیە لە ئێستا دەیەوێت لەو متبون و پەراوێز خستنە دەربچێت.

7. دۆخی نێوخۆی تورکیا بەشێکی ترە لە هۆکارەکانی رازیبونی حکومەتە کاربەرێکەرەکەی AKP کە بە رێککەوتنێکی لەم جۆرە رازی بێت، بە تایبەت ئەو شکستەی لە هەڵبژاردنی 2015 توشی هات.

## کاریگەری ئەم رێکەوتنە لەسەر ناوخۆی تورکیا

رازیبونی حکومەتە کاربەرێکەرەکەی AKP بەم رێکەوتنە لەم قۆناغەدا، ترسی لەوەیە لە قۆناغی دوای پێکهێنانی حکومەت ئەستەم بێت بتوانێت ئەو هەلەی بۆ دروستکردنی ناوچە ئارامی سنوردا بتوانێت بریاری لەسەر بدات بە ئاسانی بۆی مەیسەر نەبێت. هەروەها بۆ راکێشانی سەرنجی هاولاتیانی تورکیایە بۆ قەیرانە دەرەکیەکان، چونکە AKP لە پێش هەڵبژاردنەکان بروای وابو بەشداری نەکردنی لە جەنگی دژ بە داعش دەنگەکانی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی 2015 زیاتر دەکات، بەلاّم ئەمە پێچەوانە بویەوە بۆی، هەربۆیە بەم رێککەوتنە دەیەوێت لە هەلی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ بەهۆی نەتوانینی پێك هێنانی حکومەت دەنگەکانی زیاد بکات. بەلاّم لەلایەکی ترەوە ئەم رێککەوتنە کاریگەری لەسەر ئاسایشی نێوخۆی تورکیا دروست بکات، رەنگە پرۆسەی ئاشتی بە تەواوەتی پەك بخات ئەگەر تورکیا بیەوێت PYD بکاتە ئامانج، ئەمە لەلایەك. لەلایەکی تریشەوە گروپە توندرەوە ئیسلامیەکانی هاوسۆزی داعش تورە بکات دەست بکەن بە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە نێو خۆی تورکیا. هەموو ئەمانەش کاریگەری خراپ لەو گەشە ئابوریەی تورکیا دادەنێن کە لە چەند ساڵی رابردودا بەخۆوەی بینی بوو، سەرەرای ئەوەی ئیدارەدانی جەنگ لەگەڵ داعشدا پێویستی بە سەرچاوەی دارایی گەورە هەیە.

## کاریگەریەکانی رێکەوتنەکە لەسەر کوردستانی رۆژئاوا


دروستکردنی ناوچەی ئارام کە داوای هەمیشەی تورکیایە ئامانجی لاوازکردن و رێگری کردنی هەر ویستێکی نەتەوەییە لە رۆژئاوا بۆ دروستکردنی کیانێك بە ئاشکرا لە رابردو ئێستا ئەم ویستەی درکاندووە، بەلاّم بەهۆی مەیسەرنەبونی ویستی دروستکردنی ئەم ناوچەیە تورکیا لە رابردودا، رێگەیدا PYD بتوانن چەند کانتۆنێك دروست بکەن و لە هێرشی داعش و گروپە توندرەوەکانی تر بیپارێزن، ئەمەش متمانەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەم هێزە لە ئاستی نێوەندەکانی دروستکردنی بریاری سیاسی و چ لە ئاستی رای گشتی جیهان بەم هێزە بەخشی.

هەر بۆیە ئەم رێککەوتنە سەرەرای ئەوەی پێشرەوی PYD لەو ناوچە ئارامە لاواز دەکات، بەلاّم وەك هێزێکی کاریگەر و خاوەن بریار لەو پانتاییە جوگرافیەی هەیەتی دەمێنێتەوە، هاوبەشێکی سەرەکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیە بۆ جەنگی دژ بە داعش. هەروەها لاوازی و فشەڵی دروستکردنی ئەو ناوچە ئارامە کە هیچ دانپێدانانێکی

نێودەوڵەتی نیە خاڵێکی پۆزەتیڤە، کە بتوانێت کاریگەری لەو ناوچە ئارامە هەبێت، تەنانەت ئەگەر نەتوانێت جوڵەی سەربازی تیدا ئەنجام بدات، ئەویش لەرێگەی مامەڵەی گونجاو و رێزگرتنی کەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی، ئەو وێنە گوماناویەی کە تورکیا و بەشێك لە راگەیاندنی عەرەبی بەمەبستی ناشرینکردنی PYD لە گۆرینی دیمۆگرافیای دانیشتوانی ناوچەکە بۆی دروستدەکەن رونبکاتەوە لەرێگەی هەوڵی دیپلۆماسیەوە.

ئەوەی گرنگە لەدوای ئەم رێکەوتنەوە PYD هەوڵە دیپۆماسیەکانی پەرەپێبدات، بۆئەوەی زامنی ئەوە بکات لە قۆناغەکانی ئایندەی گۆرانکاری لە سوریا جێگەی باش و کاریگەری هەبێت، هەروەها پاڵپشتی زیاتری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆخوی بەدەست بهێنێت.

**نەخشەی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی ژێردەستی PYD لە رۆژئاوا – سوریا**



# دەرئەنجام

1. سەرەرای ئەوەی تورکیا لە ماوەی چوار ساڵی رابردودا لە هەوڵی دروستکردنی ناوچەی ئارام بوو لە سوریا بە مەبەستی پیادەکردنی ئامانجەکانی، بەڵام بەهۆی نەبونی کۆدەنگی نێودەوڵەتی پرۆژەکەی شکستی هێنا.

2. سەرەرای ئەو فشارە سەربازی و ئابوریانەی لەسەر رۆژئاوا دروستکران بە مەبەستی لاوازکردنی PYD و هەروەها هێرشی داعش و گروپە توندرەوەکانی سوریا، بەڵام توانی لە پێشرەوی بەردەوام بێت و متمانەی نێودەوڵەتی بۆخۆی بەدەست بهێنێت.

3. ئەو رێکەوتنەی کە لە نێوان تورکیا و ئەمریکادا کراوە ناتوانێت ئامانجە ئەمنی و سیاسیەکانی تورکیا فەراهەم بکات لە سوریا، تەنها لە سنورێکی دیاریکراو نەبێت.

4. دروستکردنی ئەو ناوچەی ئارامەی لە رێککەوتنەکەدا هاتوە هیچ دانپێدانانێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نیە، هەربۆیە لەئەگەری دروستبونیدا توشی روبەروبونەوە دەبێت لەلایەن هاوپەیمانەکانی دەسەڵاتی (بەشار ئەسەد)ەوە.

5. ئەو ناوچەیە لەکاتی دروستبونی پشێوی و نائارامی و دروستبونی هەرەشەی سەربازی لەسەر دانیشتوانەکەی دروست دەکرێت نەك لە ئێستادا هەنگاوی دروستکردنی بگرێتە بەر.

6. ئەم رێکەوتنە پێشرەوەی سەربازی PYD تەنها لەو ناوچە ئارامە رادەگرێت و جوڵەی لەو ناوچەیەدا لاوازدەکات ئەویش ئەگەر رێکەوتنەکە وەك خۆی جێبەجێبکرێت. هەروەها پێکەوە گەیاندنی کانتۆنی کۆبانی و عەفرین مەحاڵ دەکات.

7. کاریگەری لەسەر رۆڵ و پێگەی PYD لەو ناوچانەی دەسەڵاتی هەیە نابێت، چونکە سنوری ئەو ناوچەیە دیاریکراوە، هەروەها سوپای تورکیا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشدار نابێت لە جەنگی دژ بە داعش.

8. ئەم رێکەوتنە ئاسایشی نێوخۆی تورکیا دەخاتە مەترسیەوە، لە ئەگەری بە ئامانجکردنی PYD لە رۆژئاوای کوردستان.

9. ئەگەری ئەوە هەیە کە گروپە توندرەوەکانی هاوسۆزی داعش کاری تیرۆریستی لە نێوخۆی تورکیا ئەنجام بدەن و بەمەش دۆخی ئەمنی تورکیا روبەروی هەرەشەی نێوخۆی ببێتەوە.

# سەرچاوەکان


1. عبدالكريم عنكر ، الفرق بين المنطقة العازلة والمنطقة الامنة .. وأيهما تركيا تطالب؟ ، مركز مستقبل شرق للدراسات والبحوث 2014
2. بين المنطقة الآمنة و العازلة إختلف العالم ... والثمن دم السوريين (التقرير) شبكة شام
http://www.shaam.org
3. قاسم كاظم البيضاني، المناطق الامنة والمناطق العازلة، مركز النهرين لدراسات الاستراتيجية، قسم الدراسات الامنية العسكرية.
http://www.alnahrain.iq/?p=2533
4. تركيا تبحث مع أمريكا "المنطقة العازلة" على الحدود السورية
/http://www.turkey-post.net/p-56697
5. واشنطن: لا حاجة لمنطقة آمنة في سوريا حالياً
http://ara.tv/cxpqr
6. تأهب عسكرى تركي على الحدود مع سوريا .. وبحث منطقة عازلة
http://arabi21.com/story/841752
7. بريطانيا وفرنسا تلوّحان بالتدخل العسكري لفرض مناطق آمنة، على الموقع الالكتروني:
http://www.okaz.com.sa/new/Issues/20120831/Con20120831528910.htm
8. **Ryan Grim ,Obama To Turks: Don't Use The War On ISIS To Bomb The Kurds.**
http://www.huffingtonpost.com/entry/obama-erdogan-isis-kurds_55c38f07e4b0923c12bbdb7f